
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-12-2006 22:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# یادی 13 ساڵەی کۆچی ناوەختی فایەقی قەساب ... ئەنوەر خەراجیانی



کاك فائق سەعید (قەساب) ساڵی 1929 __ 1993
لە گەڕەکی کانێسکان لە شاری سولێمانی لە دایك بووە لەم یادە سەرکەش و پیرۆزەدا هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەم کەڵە پیاوە کە هەموو ژیانی لەپێناو خزمەتکردنی وەرزش و شارەکەی بوو، هەرکەسێکی بناسیایە یان نەی ناسیایە هەر کێشەیەکی هەبوایە ئەوەی لە توانایدا بوایە بۆی دەکرد ئەگەر بە پارەش چارەسەر بکرایە چارەی کێشەکانی دەکرد بۆی.

کاك فائق هەر لەسەرەتای منداڵیەوە خولیای وەرزش بووە هەر چەندە لەو ساڵانەدا وەرزش زۆر باوی نە بووە بەڵام وەرزشی بە بەشێکی ژیان دادەنا.

لە ساڵی 1958 هەڵبژێردراوە بۆ دەستەی بەڕێوە بەرایەتی یانەی سولەیمانی هەر لە دوای دەست بە کار بوونی زۆر گرنگی دا بە تیپە میلییەکان و خولی باشی بۆ دەکردنەوە هەر تیپێك کێشەی هەبوایە بۆیانی چارەسەر دەکرد لە سەردەمی کاك فائق بەهێزترین تیپ درووست بوو کە زۆربەی یاری زانانی تیپەکان بوون بە یاری زانی هەڵبژاردە ویانە، بەهۆی چالاکییەوە وەرزش زۆر پەرەی سەند لە هەموو بوارێکدا ساڵانی 1966، 1967، 1968 بۆتە سەرۆکی یانەی سولەیمانی، هەر بۆیە هەڵبژاردەی گەیاندە پلەی نایابی عێراق کەوا لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان یەکێك بوون لە تیپە بەهێزەکانی ئەو سەردەمە یاری زانانی ئەو سەردەمە ئەوەندە ڕێزیان لە کاك فائق دەگرت ئەگەر دوو تیپ یان دوو یاری زان ناکۆك بوونایە کە کاك فائق یان دەبینی شەرمیان دەکرد قسە لەگەڵ یەکدا نەکەن دەبوایە یەکسەر دەستیان لە ملی یەکتر بکردایە زۆر یاری زانی بە ناوبانگی شاری سولەیمانی هەیە وەك عەلی مەعسوم و حەمە بچکۆل... هتد کاك فائق یان بە مامی خۆیان زانیوە ئەوەندە بەڕێز بووە.

من لەبیرم دێت ساڵەکانی 1970 بە دواوە یانەی پۆلیس هەبوو کە باشترین یانەبوون و پلەی نایابی عێراق بوون زۆر جار وا ڕووی داوە بەهۆی کێشەی یاری زانان لە ناو خۆیاندا بۆتە هۆی ئەوەی کەوا زیندانیان بکەن بۆ ماوەیەکی کەم هەر کە کاك فائق پێی زانیبێت بە بێ سێ و دوو یەکسەر چووە بۆ لای بەڕێوەبەری پۆلیس و ئازادی کردوون نەی هێشتووە یەك دەقیقە یاری زان ئازار بدرێت.

ئەم کردارە جوانانەی بووە کەوا چۆتە دڵی وەرزشکارانەوە ئەوەی کاك فائق بۆ وەرزشی کردوە تاوەکو ئێستاکە کەس نەی توانیوە بیکات بە پارەی خۆی یارمەتی یاری زانانی ئەدا بە پارەی خۆی کێشەکانی چارەسەر دەکرد یاری نەبووە نەیەت بۆ تەماشاکردنی لە هەر شوێنێك بوایە گرنگ نەبوو دوور بێت یان نزیك. ئەوەی جێگای داخە تاوەکو ئێستا بە گوێرەی پێویست بەسەر نەکراوەتەوە دەبوایە لە هەموو خولەکاندا یان کۆڕە وەرزشی یەکاندا بە بیر بهێنرایەتەوە بۆ وەرزشکارانی نوێ وتازە پێگەیشتووەکان، ئومێدەوارم هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا یادی کۆچی ناوەختی بەسەر بکرێتەوە هەر لەم ڕۆژەدا یارییەك بکرێت بە بۆنەی کۆچی دوایی و ووتار بخوێنرێتەوە دەربارەی ژیان نامەی پاشان یاری دەست پێبکات ئامادەکردنی

ئەنوەر خەراجیانی